زیاتر لە بیست کەس بەهۆی بەرزبوونی پلەکانی گەرما لە وەاتی مەغریب گیانیان لەدەستداوە



وەزارەتی تەندروستی مەغریب ڕایگەیاند، 12 کەس لە مەغریب گیانیان لەدەستداوە کە زەربەیان نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە و بەساڵاچووان.

بەڕێوبەرایەتی هەرەمی تەندروستی و پاراستنی کەمەڵایەتی لە ناوچەی بەنی مەلال خەنیفرا لە وەاتی مەغریب دووپاتی کردەوە کە "سەنتەری نەخۆشخانەی هەرەمی لە بەنی مەلال 21 حاڵەتی گیانلەدەستدان تۆمارکردووە کە 4 کەسیان لە دەرەوەی دیواری نەخۆشخانەکان مردوون و 17 کەسیش لە نەخۆشخانە گیانیان سپاردووە، لە کاتێکدا زەرینەی گیانلەدەستدانەکان لە نەو ئەو کەسانە بوون کە نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە و بەساڵاچووان، چونکە بەرزبوونەوەی بەرچاوی پلەی گەرما بووتە هۆی خراپبوونی باری تەندروستییان و هەکاری مردنیان بووە".

بەڕێوبەرایەتی تەندروستی مەغریب دەڵێت: "پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی مردنی لەناکاو بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرما، بەرپرسانی پەیوەندیدار دەستبەجێ لێکۆڵینەوەیان دەستپێکرد بۆ ووردەکاری هەکارە ڕاستەقینەکانی ئەم ڕووداوە"، ئاماژەی بۆشکرد کە "هەموو هاووڵاتیان ئاگادار کراونەتەوە کە ئاگادار بن و خۆیان لە بەرکەوتنی تیشکی خۆر دوور بگرنەوە و لەکاتی پێویستدا هاوژێ بە خزمەتگوزاری تەندروستی بکەن".